

# رۆژانه ...

ڕەئووف بێگەرد

هەواڵنامەی کتێب & KURD ARSHIV

– کۆچ

هەرکە ڕۆژ دەبوەوەو بووکی خۆر ئەکەوتە کەژاوەی گوندی (س) ەوە ، ...ە کورەی مەحەك ... ناوشان پڕ ئەکەوتە چاوە دزەو ملە قوتێ . لە ...یان‌و ڕێگای سەر کانێوە ، لە پەنای درەخت‌و حەوشەی مزگەوتەوە ، لە ...ر کونێەکەوە سووسەی شاشۆخی گوندیان بکردایە لەسەر ڕێ‌یا وەك قارچك ...ئەتۆقین . یان ئەبوونە هوور ریزە شۆرەی مل کەچ‌ و (نازە) ی شاشۆخیش ...کاوو خۆ بە ناوەراستی شەقامی دڵیانا هەنگاوی ئەنا .

– نازە – ئاسکێکی سرك‌و کەوێکی بە خاڵ‌و مل بوو ، لای کورە یەکی ...کیەکانیش نهێنی مانەوەو ژیان‌و ئارامی گوند بوو ، کە ئەو نەبوایە چیا بێ ...وتکەو خۆر بێ ڕووناکی‌و ئاسمانیش گۆڕستانی ئەستێرە بوو .

کە هەواڵی کوت‌و پڕی کۆچی ماڵی نازە کەوتە بەرگوێ ، تەمێکی خەست بەری چاوو دڵە ڕاوکێ‌یەکی سامناکیش لە دەروونی لاوەکاندا هەواری خست ، (نازە بۆ کوێ ؟ شار مەرگی جوانی‌و خۆشەویستیە ، نازە کە تۆ نەبیت ئەم گوندە چۆڵ‌و ئەم جیهانە وێرانەیە ، ئەم ساڵ نە باران دەباریت‌و نە گەنم گوڵ دەکات ، کانی ووشك‌و درەختەکان لە گەڵاکانیان ئەتۆرێن. نازە نەکەیت گوندەکەمان بکەیتە کەلاوەی بایەقوش ، ئێمەیش ببینە تاق تاقکەرەی شەوانی درێژی پاییزو ، تا مردن دەست لە دامێنی هاوارو ناڵە بەر نەدەین) .

نازە گریا ، کوڵمە سوورو خڕەکانی زەرد هەڵگەران‌و سیس بوون ، دەریای چاوە شینەکانی بوونە شەپۆلی شلوێ‌و ماندوو . بەڵام بەڵێنەکەی باوکی نازە بزمارێکی لە پتەویا داکوتراو بوو ، ئەو کارەی لە شارا دەست گیری بووبوو

سەدان دڵۆپە فرمێسکی نازەو دایکی ڕێگایان لێ نەئەگرت . نازەیش ناچارە ، ناتوانێت دەست لە خێزانەکەی هەڵگرێت ، تەنیا دڵی بەوە خۆشە کە دەبێتە میوانێکی چەند ڕۆژەی شارو ، مەرگ زوو لە ئامێزی دەگرێت‌و بە تاسەوە دەگەڕێتەوە گۆڕستانی گوندەکەی .

هەر دوای دوومانگ ، نازە لە کۆڵانێکی شاردا بووەوە بە شاشۆخەکەی جاران ، کوڕانی سەر ڕووقی پانتۆڵی چەسپ لە پێ بۆی بوونە قەرەوڵ‌و ئەم سەر ئەو سەری کۆڵانیان لێ گرت . کولمەکانی نازە لەجاران زیاتر گەش بوونەوەو سوور داگەڕان ، چاویشی هەر کارمامزەکەی جاران بوو ، بەڵام شەوق دوو گلۆپیان ئەدا . لەو لایشەوە کوڕانی گوندی کۆڵ‌و پتەو لەش کەوتنەوە ملە قوتێ‌و چاو گێڕان . شا شۆخێکی تریان دۆزیەوەو لە ڕابووردوو دابڕان ، وەك جاران کلاّوو جامانەکەیان لارو جێ ژوانیان پەناو پەسێو بوو . ئیتر نە ئاسمان ڕووخاو ، نە ژیان وەستاو ، نە گوندی – س – یش بێ درەخت‌و کانی‌و ئەوین مایەوە .

١٣ – ١٢ – ١٩٨٧

٢ – ساڵی (٢٠٠٠)

شەوانە لە درەنگانێکدا کە دنیایەکی هێور بەرۆکی زوورەکەم دەگرێت ، هەست بە نامۆیی دەکەم ، ئەمەوێت جەنجاڵ بژیم ، چونکە سەردەمەکەم ئاشێکی هەمیشە لەگەڕەو ئەیەوێت هەموو شتێك بهاڕێت ، بۆیە بەرۆکی کارەساتەکان ئەگرم‌و خۆم بە گەردنی دوا هەواڵدا هەڵئەواسم ، جارێك دەبمە سیزیف‌و باری گرانی ئەم گەردوونە لە کۆڵ ئەنێم ، جارێکی تر دەبمە – کۆلیش – ی ئەم سەردەمە گاڵتە جاڕەو شیر بۆ زۆر بەهاو ڕەوشت ئەکێشم . هەموو شتەکان هەڵئەپێچم‌و بە گومانەوە ئەیان کەممەوە . تەنیا مەرگ نەبێت کە ئەو حەقیقەتە پیرۆزەیە ناگۆڕێت‌و لەنگەری تێك ناچێت . گاڵتەیشم بەوانە دێت لە ناوەکەی سڵ دەکەن‌و کەچی لەڕاستی‌و حەقیقەت ئەدوێن . حەقیقەت لای ئەوانە وەك کەفەژیلەی سەر ئاوو ژەنگی گوێچکەیان وایە ، مەرگ قێزەونە ، تەنیا لە بەر ئەوەی لە خۆراك‌و خەو ئەکەون ، کەچی ڕۆژانە دەیان مەرگی‌تر وەك وێسکی ئەنۆشن‌و گوێشی پێ ئەگرن .

بۆیە منیش ئەمشەو پێکەکەم خەست‌تر کردو ملی ڕێگام بەرەو ساڵە هەرە بەناوبانگەکەی (٢٠٠٠) گرت ، وەك پێی دەڵێن ساڵی تاسەو چاوەنوازی . بڕیارمدا لە شەوێکی وای ئەو ساڵەدا پێکەکەم خەست‌تر بکەم ، ئەگەر گەدە یەکی جەلاتینیشم هەبێت هەر بیخۆمەوە . ڕەنگە پێی بمرم ، بەڵام من

ئەزانم دوو جۆرە مەرگ هەیە ، یەکێکیان پێشوازی لێ ئەکرێت‌و ئەوی د
نەفرەت ، من لەم دوانە یەکێکیان هەڵئەبژێرم ، تۆ لای خۆتەوە کامیان
پەسەند ئەزانیت وای دابنێ منیشت لە گەڵدام ، بەڵام ئەوەیش بزانە کە من
نیم .

١٤ – ١٢ – ١٩٧٨

٣ – ژیان

کە یەکەم جار بینیم گەڵایەکی سەوزی ئاونگ لەسەر کەوتوو بوو . دە
چاوە سپیەکەی ڕەنگێکی کاڵی شەرابی لەسەربوو بووە نەخش‌و چاوەکا
سامانێکی بە پرشەو وورشە بوون ، لە درزی یەخەکراوەکەیەوە رووباریک
تەسك وەك کۆچەری بەرەبەیانێکی سپی بەرەو خوار سەری نابووەوە .
ئەوسا منالێکی هەشت نۆ ساڵان بووم ، دەستم بە دەستی دایکمەوە بوو .
گەیشتینە بەردەم ماڵەکەیان لە بەردەرگاکە ڕاپەڕی‌و بەرەو ڕوومان هات
دەستی لە گەردنی دایکم کردو ووتی :
– ئەوە بۆ وا پیر بوویت ؟
– جا ڕۆڵە کێ پیر نابێت !
بە تەوسەوە بزەیەك کەوتە سەر لێوی‌و ، پەنجە سپی‌و گۆشتنە کانی بە
کاکۆڵەکەمدا گێڕا ، ماچێکی ئەوەندە بە تاسەیشی کردم کە هەرگیز تا
بۆنەکەیم لا نارەوێتەوە .

هەر لەو بەردەرگایەدا بینیمەوە ، سەری ئەوەندە نەوی بوو چەناگە
کەوتبووە سەر سنگی ، پیرێژنێکی کۆماوە ، دوو سێ تەڵەمووی سپیش لە س
چەناگەیەوە بە چەماوەیی بەم لاو ئەولادا کەوتبوون ، پشتی دەستە سپیەکا
ئەوسای لە پشتی کولێرەیەك ئەچوو ، دەمارەکانی زەق‌وزۆپ دەرکەوتبوون .
بەردەمیا وەستام ، نەیناسیمەوە . کە باسم بۆ کرد چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو ، پێ
ووت :
– ئەوە بۆ وا پیر بوویت ؟
– جا ڕۆڵە کێ پیر نابێت !
لەو کاتەدا هەستم کرد منیش کاکۆڵەکەی جارانم تەواو سپی بووەو
گۆچانێکەوە لە باڵیا دانیشتووم ، چەند ئەکەم ناتوانم نەپشتە کۆماوەکەم ڕاست
بکەمەوەو نە بەری هەناسە توندەکەم بگرم ، تا کوڕەکەم دێتە ژێر شانم‌و بەرە
هۆدە ساردو سڕەکەم ئەکاتەوە .

٢٤ – ١٢ – ١٩٨٦

## سروەیەکی هێمن

ـەوانە کە ئەبووینە هەم نشینی جامی بادەو ، سیٚ قۆڵی سەری شووشەمان
، ڕوومەتەکانی مامە پیرە سوور دا ئەگەڕان ، چاوە کاڵ‌و گەورەکا نی
تە درەوشانەوە . کە سەری خەمە گەورەکانیشی ئەگەیشتنە لووتکە ، ئیتر
ـچەی لە جگەرە ئەبڕاو نە پشووی بە پێکە خەستەکانی ئەدا . ئەوسا هەر
ن سەرمان ئەدایە دەست قەتارەکەی ماملیٚ ، جارێك لەگەڵ
ـەکەیداو تاوێکیش زەنگی کاروانەکەی خۆمان ئەهاتە وریتگە ، مامە پیرە
ڕادەژێ‌و بواری بە هەناسەی بیٚ دووکەڵ نەئەدا . ئەسپی یادگارەکانی
ڕتە کۆرژن ، بەرەو ترۆپك‌و زنوێرەکان ، ڕەوەزو زەمەندەکان ، لە
ـتو ئەپەڕی‌یەوە ، لە بووك‌و زاوا سەرئەکەوت ، بەرەو شیٚلاناویٚ دەهاتە
ـەو ئۆخژن .

ـکە لە تاریك‌و ڕوونی بەیانا کاروانەکە لە هەواری (جوانیٚ گیان بۆ وات لیٚ
) دا پشووی دوا حەسانەوەی ئەدا ، چاوە درەوشاوەکانی مامە پیرە پڕ
ن لە ئاو ، خەمێکی ئەرخەوانی ئەکەوتە سەر ڕووی‌و ئەی‌ووت :
ـوە دەتانەوێت مامليٚم لەبیر بەرنەوە !
ـەپڕا مامە پیرە بووە سروەیەکی دوورە وولات‌و لەبەر چاوان وون بوو ، لە
ـێکی خۆشترا چاوی بە دوندو تواڵەکان گەشایەوەو ، لەبەردە بازی
ـێریشدا ژەمێکی تری هەڵدا ، تا ئەوکاتەی دڵە ناسکەکەیان تۆراندو بۆ دوا
ـش لە لێدان کەوت ، منیش تەنیا ئەوەندەم لەدەست هات وینەی
ـیەك بکێشم‌و بۆینباخێکی ڕەشیش لە گەردنی کتێبخانەکەم بدەم .

١٩٨٦ - ٤ - ٢٣

## بۆ خۆیان یان بۆ خوا !
**بۆ : ئەحمەدی ڕاستەقینە**

ـدوا کۆڵانی شەقامە تەنگەبەرەکە ئەچێتەوە سەر ئەو دوو دەرگایەی بە
ـتی یەکەوە ، وەك دوو درەختی پیر ڕەنگیان زەردو بۆیە شین باوەکەیان
ـۆتەوە ، یەکەمیان ئەڵقەڕیزێکی نیو مەتری لە سەرووی لای چەپیەوە شۆڕ
ـوە ، هەر لەزەلامێکی شەکەتی بیٚ حەوسەڵە ئەچێت ، کە لە دەرگاکەی
ـەدەیت وەك چەکێك نۆرە بکات جارێك بیٚ دەنگ‌و جاری تر ئەی کاتە
ـو زەنا . لەو دیویشەوە ، هەر لە پەنای دیواری دەرگاکەوە سەکۆیەکی
ـکی تازە کراوە ، هەروا جێگای دوو بەرماڵی لیٚ ئەبێتەوە . کاك ئەحمەدو
ـی‌و بەرماڵەکەیان میوانی هەمیشەیی ئێوارانی هاوینی ئەو سەکۆیەن .
ـیەکی لە چوارچێوەو شووشە گیراویش ، کە لاوێکی موزەردی سوورکارە
ـێوان هەردوو بەرماڵەکەدا شانی ئەدەن بە دیوارەکەوە ، ئەمە وێنەی

دارای کوڕیانە ، کە دەمێکە لە شوێنێکی دوورەو دەنگیان نایگاتیٚ .
تاقە کوڕیانەو

خۆشەویستە ، دوای هەموو نوێژێك چەند سرودو درووودێك ئەخوێنن ، ئەیکەن بە هەوایەکی ناودەمیان‌و فووی ئەکەن بە سەروچاوی وێنەکەدا . پاشان بە جووتەو بەفرمێسکی ڕژاوەوە ڕوو لە بارەگای خوا ئەکەن ، تێی ئەڕوانن ، وەك بارەگاکە تەواو بەسەر سەریانەوە لەنگەری گرتبیٚ‌و ئەمانیش بە چرپە لە گەڵ خوادا بدوێن وایە . ئەم دوانە – وەك خەڵکی گەڕەك ئەڵێن – لەم دواییەدا بوونەتە یەکە خواپەرستی ئەو ناوەو ، دیارە خوایش هیدایەتی داون .

کە دارا لە جێگای دوور گەڕایەوە ، هەر دوای ماوەیەکی کەم بەرماڵ‌و سەکۆو وێنەکە یەك ئەوی تری خوارد ، سەکۆکە – وەك کاك ئەحمەد خۆی ووتی – جێگا ئەگریٚ‌و شوێنەکەی خراپە ، بۆیە تێکیان داو ئەو جۆگە پیسەیان پیٚ پڕکردەوە کە بە بەر ماڵەکەیاندا تیٚ ئەپەڕی ، بەرماڵەکان فرۆشران‌و بۆ بەرگی دەرەوەی هەردوو کچەکەیان دران بە تەنوورە . وێنەکەیش کە بەدەم هەوای پانکەکەوە هەمیشە بە دیوارەکەوە هەڵئەلەرزی‌و کەسێك نەبوو خۆی تیٚ بگەیەنێت ، ڕۆژێك کەوتە خواری‌و شکا ، کچە هەرە بچووکەکەیان دڕاندی‌و پارچە پارچەی کرد . باوك‌و دایکیشیان ووتیان مادام دارا هاتەوە ئیتر خوای ئەکرد دنیا ئەڕووخا .. خوایش پێویستی بە نوێژو ڕۆژووی ئیمە نەماوە .

### ٦ – تاسەی گەڕانەوەیەك

زۆر جار ئەیەوێت بینە ئەو هەنگانەی دوای کاروانی ڕێگایەکی دوور لە کوورەکەیاندا خپ ئەبن ، ئەمیش لە پشوویەك دەگەڕێت ، چاو ئەنێتە سەریەك‌و هێور ئەبێت ، هێوریەکەی ئەبێتە باڵدارێکی سەرە ڕۆو بەرەو نشێوو هەورازەکان ، دەریای شێت و درەختە تاڵ‌و تەراکانی بیابانێکی کرکای کرك گێژی ئەدات . ئەگەڕێتەوە لای کۆڵانە تەسك‌و دەرنەچووەکان ، چوخم‌و خانووە دۆنهۆم‌و کۆختە نەویەکان. ژووری چرای لالە بە دیوارا دا کوتراوو ، فانۆس‌و قوتیلەی ناو حەوشەو هەیوانیش بەسەر ئەکاتەوە . بۆنێکی خۆش ئەکەوێتە ناو هەناسەو سیەکانیەوە ، بۆن‌و بەرامەی پلاوی سەر پلاو پاڵێوو نانە تیریەکەی بن مەنجەڵە مسەکەیە ، شلەو برنج‌و گۆشتە تاقانەکەی شەوانی هەینیش تامێکی خۆش تری ئەدەنیٚ . پەنجەکێشی‌و گاڵگاڵیە چەورەکەی دوا گونکەکانی سەر تەنووریش وەك سەرما بردەڵە گەرمی ئەکەنەوە . شەوانی درێژی زستانی سەخت‌وحیکایەتەکانی‌نەنەی دەست‌و سەر خەناوی‌و چەناگەی بەخاڵ کوتراو ئەوەندەی ترکرو هێوری ئەکەن . سەری ، لەشی ، دەمارە کرژو گەرم داهاتووەکانی لەوەوپێشی ئەحەسێنەوە . ئەوسا دنیایەکی ئاسوودەو بیٚ دەنگ‌و سەنگ بوو ، پارە بیٚ دەسەڵات‌و مرۆڤ سەرکردەو ڕابەر بوو .

زۆر ناخابانێت لەنگەری لێکدانەوەکانی تێك ئەچێت ، ئەکەوێتەوە
ژەنەکەی ترەوە . ئێستا چرای بێ دووکەڵو سێ ژەمەی تاقە شەوە هەینیەکەی
وسایە . نەفرتەو تەراتێنی مشکی بن میچو نە چەرە دووکەڵی ژێر مەنجەلی
سە . خواردنەکان هەمە جۆرو هەمە ڕەنگن . بەڵام بۆنو بەرامەی دەستو
کەی ئەوسا نادەن . بۆنی حێڵو میخەکی گەردنو بەرۆکی دایکی لێ
ەت . نەپلاوو مەنجەڵی مسو ، نە نەنەی خاڵو مل خەناوی چیرۆك
گێڕێتەوە ، شتەکانی ئێستا بێ تامن ، هەموو دوو بارە بوونەوەیەکی ووشکن .
ی تام هەرماوە ؟ یان وەك مەکینەیەك هەست بە گریسەکە ئەکەینو خۆمان
ەتێنین . هەمیشە جومگە ماندوو ، سەر کاسو ، لەش لە قولاپی
اردایە . لە خەویشدا بەسەر لاشاخێکەوەیتو پێشت هەڵدێرو هەزار
هەزارە ، سێبەرەکەت لێ دەبێتە دەستێکی نەفرەت لێ کراوو باڵت پێوە
ێت ، بەدم هاوارو کڕوزانەوەبە ئاگادێیت . ئەرێ خەڵکینە ناشێ
ەرینەوە بۆ خەوی خۆشی ناو چیخەکانی سەربان ، بۆ دنیای بێ پارەیی ، بۆ
گۆشتەکە ، بۆ شەوانی گۆرانی ناو کۆلانەکان ؟ ئەرێ بۆ ناشێ ! هەمووتان
کەڵانین ؟

١٩٨٧ – ٥ – ١٨

## — لە پاییزی تەمەندا

خاڵە حەمە ووتی : ئەو ساڵەی من ژنم تیا هێنا قاتو قڕی بوو ، گرانی
اوڵێکی دزێوی بەرهەموو دەرگایەك بوو ، گۆشتی سەگو پشیلە لەبرەوداو
انەوەیش دروێنەکەرێکی هەڵۆ ئاسا بوو .
حەسەن پێی ووت : جا ژن هێنان بۆ ڕۆژانی وا نەگبەتیو بێوڵەتی نیە ؟
کورم .. چاوی خۆشەویستی کوێرە ، بێجگە لە خۆی هیچ نابینێت .
لە ڕۆژی وادا لەناو مردن کێ فریای خۆشەویستی ئەکەوێت !
ا .. ڕۆڵەکەم .. پیاو کە ڕوو بە ڕووی کارێکی ناچاری بوەوە ئیتر سڵ
اتەوە .
شیرین کە هێشتا کیژێکی لە باوان دەرنەچوو بەڵام قۆشمەو بەقسە بوو
ی :
خاڵە حەمە ئەوە چۆن بوو ؟
وائەزانم ئێستایە ، دەمەو عەسرێك کە هەموو شتێ سێبەری بۆ خۆی
وو ، ژنو پیاوێکی شەکەت لە گەڵ کیژە خشتەکەیاندا لە پاڵ دیواری
وەکەمان لایاندا . کزو ماندووبوون ، لە برسانا ڕەنگیان بوو بووە خامی
ی . بە نانو دۆکەی دایکم تەڕاییەکیان تێ گەڕاوکەوتنە ڕازو سکالاّ .
یش هەر لەوێدا بە پێخەفی ئێمە نووستن . بەڵام ئەم شەوە من ئەستێرە

ژمێری گوندو مارانگازی جوانی خونچەی میوان بووم . کە بەیانی دایکم لای دایكو باوکی درکاندی وەك بارێکی گرانیان لە کۆڵ داگیرابێت وابوو . تاقە داوایشیان لە بری کیژەکەیان دوومەن ئاردی رووت بوو . دوای دوو ڕۆژ هەموو شتێك کۆتایی هات . تا خونچە مابوو خۆمان بە قەرزاری ئەو دوومەن ئاردە ئەزانیو یادگارێکی زیندووی دڵی منالەکانیشە .

پێم ووت : خاڵە تەنیا ئەو خۆشەویستیەو هیچی تر ؟

خاڵە حەمە بێدەنگ بوو . کەمێك ڕاما . مژێکی لە سەبیلەکەی داو ووتی :

— ئای شەیتانە نەگریسەکان ! ئەتانەوێ خۆمتان بۆ ڕووتکەمەوە ! باشە.. بەڵێ پێش خونچەیش ..

پوورە فاتم کە پیرێژنێکی لە قەدەر خاڵەو گوێ قولاغی قسەکان بوو . وەك کوتو پڕێك ماری پێوە دابێت هاواری بە سەرا کرد .

— ئەوە چیتە پیرەی خەڵەفاو ، دیارە ئەم کوڕو کاڵانە گۆڵمەزت پێ ئەکەن ! یان ئەتەوێ حیکایەتی ڕۆمو عەجەمیان بۆ باسکەیت ! خاڵە تەماشایەکی پوورە فاتەی کردو کڕ بوو ، چەندمان کرد زمانی نەهاتەوە گۆ . هەستاو چووە ناو حەوشەکە ، لەبن دارێکا بووە هەتیوی کروشکە کردو . دوای کەمێك پوورە فاتمیش دۆشەکڵەیەکی درێژ کۆلەتی هەڵگرتو لە گەڵ ئەزیبحە سەدەنکیەکەیدا بەرەو لای بووەوە . دۆشەکڵەکەی بۆ هەردووکیان داخستو لە پاڵیا دانیشت ، وەك نهێنیەکیان لە بەینا بێت . یان میوانێکی هەرە خۆشەویستی دوورە وولاتیان بۆ یەکەمجار هاتبێتە سەردان . جارێك لە گەڵیا پێ ئەکەنینو تاوێکیش بە تاسەوە بچن وابوو . کە کەوتنە چرپە چرپیش ئاگایان لە ئێمەو لە هەموو شتێکیتر برا .

١٩٨٧ – ٧ – ٣٠

## ٨ – سەردەمی بڕوا

شاعیرێك تاقانە چیرۆکێکی خۆی بۆ هاوڕێ چیرۆکنووسەکەی خوێندەوە . ئەویش تاقانە شیعرەکەی . هەردووکیان توانەوە ، لەناخەوە خۆزگەیان بە بەهرەو داهێنانی یەکتری خواست . بەڵام کە جیا بوونەوە هەنگاویان بەسەر ڕێگای گومانا نا ، هەریەکەیان بیری لەوەئەکردەوە کەهاوڕێکەی ئەو بەرهەمە جوانەی لە کوێوە دزیوە !

١٩٨٧ – ٨ – ٢٤